# وەزارەتی ناوخۆی هەولێر بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی دەگەڕێتەوە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی دووەمین دەورەی پەرلەمان دا دروشمی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەیان بەرزکردەوە، بەڵێنیان بەخەڵک دا کە ئەگەر دەنگیان پێبدەن، هەردوو ئیدارە تێکەڵاو دەکەنەوەو حکومەتێکی یەکگرتوو پێکدەهێنن و دەیکەن بە حکومەتی هەموو خەڵک و کۆتایی بە حکومەتی حزب دەهێنن!!، بەوهۆیەشەوە خەڵکیان راپێچی سەر سەندوقەکانی دەنگدان کرد، تەنانەت لەژێر پاساوی پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغدادو ناوەندا زۆر بە ئاشکراو بێباکانەش کارتە بەتاڵەکانیان پڕ کردەوەو کورسیەکانی پەرلەمانیان مسۆگەرکرد. هەرچەندە کە پەرلەمان بۆ ساڵێک هەڵبژێردرا، بەڵام بە خشکەیی تەمەنی پەرلەمانیان بۆ چوار ساڵ درێژ کردەوە، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیان هەموارکرد، ئیدی کابینەی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنرا، دواتریش رێزدار مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و رێزدار کۆسرەت رەسول عەلی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەوکات و جێگری سکرتێری گشتی ئێستای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک جێگری سەرۆکی هەرێم دەستنیشان کران و متمانەیان پێدرا، ئەمەش هەنگاوێکی باش و پێشکەوتووانەبوو، خەڵک هیواخواز بوون کە ئیدی تارمایی شەڕی نێوەخۆ کۆتا ببێ و ئاسودەیی و هێمنایەتی بۆ باشووری کوردستان بگەڕێتەوە.

خەڵکی کوردستان پێکهێنانی کابینەی یەکگرتوویان بەواتای تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەو وەزارەتەکان لێکدەدایەوە، دەشبوایە وابێ، کەچی هەردوو مەکتەبی سیاسی رێککەوتن کە چەند وەزارەتێک تێکەڵاو نەکرێنەوەو لەژێر دوو ناوی نزیک بەیەکدا بمێننەوە، بەوهۆیەشەوە لەدەستپێکدا کرێوە و تەمی گومانیان بەسەر خەون و ئاواتەکانی خەڵک داباراند، بەڵام سەرۆکی هەرێم لەکاتی سوێندخواردندا هەوڵی دا ئەو گومان و تەمە برەوێنێتەوە، بەڵێنی دا کە بەزووترین کات هەموو وەزارەتەکان تێکەڵاو دەکاتەوەو پڕ بە واتای وشە کابینەی یەکگرتوو دەست بەکار دەبێ، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ هێشتا وەزارەتەکان تێکەڵاونەکراونەتەوە، بەڵێنیان داوە کە ئەمجارەیان تێکەڵاویان بکەنەوە!! سەیر لە تێکەڵاونەکردنەوەی وەزارەتەکان لەوەدایە کە ئێستاش بە ژیری و لۆژیکی سەردەمی شەڕی نێوەخۆ لێدەخوڕن، ئەوانەی بەشداریان لە شەڕی نێوەخۆدا نەکردووە، رەتی دەکەنەوەو مۆڵەتی کارکردنیان پێنادەن، یان ساختەکاری لە مۆڵەتی کارکردنی ئەو حزبانە دەکەن کە ئامادە نەبوون ببن بە بەشێک لە سەنگەری شەڕی نێوەخۆ، ئەمەش لەوکاتەدا زیاتر دەرکەوت کە رۆژنامەی رۆژنامە لە هەفتەی رابردوودا بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم دەری کردووەو خەت بەسەر مۆڵەتی ئەو حزبانە داهێنراوە کە لاگیریان لە شەڕی براکوژیدا نەکردوە.

وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم کە هەمان وەزارەتی ناوەخۆی ئیدارەی هەولێری پێشووە، ئێستاش دوای پێکهاتنەوەی هەردوو سەنگەری بەشەرهاتوو، دوای هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، دوای پێکهێنانی چەندەمین کابینەی حکومەتم، کەچی هێشتا لەبازنەی حزبایەتی تێپەڕی نەکردووە، وەک دەڵێن فرچکی بە حزبەوە گرتووەو لێی نابێتەوە!

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم کە رۆژنامەی رۆژنامە بڵاوی کردۆتەوە، حزبی رزگاریی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی هەیە، بەڵام دەبێ سکرتێرەکەی ئەو کەسە نەبێ کە ساڵی ١٩٩٣ نەچۆتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبەکەش لاگیری لە شەڕی نێوەخۆدا نەکردووەو ئامادە نەبووە ببێ بە بەشێک لەسەنگەری شەڕی نێوەخۆ، بەڵکو دەبێ ئەو کەسە بێ کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانەو لەسەر میلاکی ئەوانیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە!!

هەرچەندە ئەو بەڵگەنامەیە کاریگەری لەسەر خەباتی حزبی رزگاریی کوردستاندا نابێ، چونکە هەموو سیاسەتمەدارو هێزێکی سیاسی کورستانی دەزانن کە دەستەیەک کادیرو ئەندامی ناو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان مانەوەو حزبی رزگاریی کوردستانیان راگەیاندوو، واتە ئەو کادیرانە لەگەڵ سەرکردایەتی باڵادەستی حزبی یەکگرتن نەچوون بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەوهۆیەشەوە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم کە هەمان وەزارەتی ناوەخۆی ئیدارەی هەولێرە ئامادەنیە دان بەو مۆڵەتە بنێ کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥ بەو حزبەی داوە، بەڵکو هاتووە لەخۆڕاوە مەرجی سکرتێربوونی کەسێکی سەربەخۆیانی لەپاڵ مۆڵەتی کارکردنی حزبی رزگاریی کوردستاندا نووسیوە.

حزبی رزگاریی کوردستان کە لە ١٥-٨-١٩٩٣ راگەیاندراوە، ساڵی ١٩٩٥ ئیجازەی کارکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، دوایی دوو کۆنگرەی پێکهێناوە، لەهەردوو کۆنگرەکەدا بە زۆرینەی دەنگ کەسێک بۆ سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان هەڵبژێردراوە کە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن بووەو لەگەڵ سەرکردایەتی باڵادەستدا نەچۆتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام وەزارەت ئەمەی قەبوڵ نیە!!

هەڵبەت تاوانی سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان ئەوەیە کە حزب گۆڕی نەکردووەو درێژەی بەکاروانی خەبات داوەو دواتریش لاگیری لە شەڕی نێوەخۆدا نەکردووە، بەڵام ئەو بەڵگەنامەیە سێ خاڵ وەدیار دەخات:

١- بەپێی رێککەوتنی هەردوو مەکتەبی سیاسی، دەبێ بڕیاری هەردوو ئیدارەکە وەکو بڕیاری حکومەت لە کابینەی یەکگرتوودا پێوانەیان بۆ بکرێ و رەت نەکرێنەوە، بەڵام کاتێک وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران رەت دەکاتەوە کە ئەو کاتە یەک ئیدارە هەبووەو کاک کۆسرەت رەسول سەرۆکی حکومەتی هەرێم بووە و بە فەرمی مۆڵەتی کارکردنی بە حزبی رزگاریی کوردستان داوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە وەزارەتی ناوەخۆی هەولێر وەزارەتی حکومەتی یەکگرتوو نیە.

٢- وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم تەنیا مۆڵەتی ئەو حزبانە پەسند دەکات کە بەشداریان لەشەڕی نێوەخۆدا کردووە، بەڵام حزبی رزگاریی کوردستان بەشداری لە شەڕی براکوژیدا نەکردووە، بۆیە مەرج و شەرتی بۆ دادەنرێ.

٣- وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم، تەنیا مۆڵەت بەو کەسانە دەدات کە حزب دروست بکەن کە یان ئەندامی حزبەکەی جەنابی وەزیر بن، یان دەبێ لەژێرەوە حەبی زەردیان قوتدابێ. دەنا بەچ لۆژیکێک مۆڵەتی کارکردنی حزبێک لە تێکۆشەرێکی دێرین وەردەگیرێتەوەو رادەستی کەسێک دەکرێ کە رۆژێک لە رۆژان نەکوردایەتی کردووەو نە زمانی کوردیش دەزانێ. یان چۆن وەزارەتێک ئەو مافە بەخۆی دەدات کە بڕیاری کۆنگرەی حزبێک رەت بکاتەوەو بەئارەزووی خۆی سکرتێر بۆ حزبەکە دەستنیشان بکات؟!

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دەبێ وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم هاوچەرخانە رەفتار بکات و هەوڵی یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستان بدات، هەم بڕیارەکانی کابینەکانی پێشوو پەسند بکات و کاریان پێبکات، هەمیش چاوێک بە رابردووی دابخشێنێتەوەو مافی سیاسەتکردن لە تێکۆشەران و خەڵکی کوردستان زەوت نەکات.

وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری هەرێم دەبێ پاسەوانی لە سەروەت و گیانی وڵاتیانی کوردستان بکات و ئەرکی سەرشانی خۆی رابپەڕێنێ و هەوڵی ریشەکێشکردنی تاقم و باندە مرۆڤکوژەکانی هاوشێوەی شێخ زاناکان بدات.

**ئاکۆ مەجید**

# پێشنیارەکەی دێمۆستۆرا کورتبینی

# سیاسەتی سەرکردایەتی دەسەڵمێنێ



ئێمە لە روانگەی وڵاتپاریزی و پەرۆشیمانەوە بۆ دۆزی رەوای کوردستان بەگشتی و کێشەی کەرکوک بەتایبەتی، هەمیشە زۆر بە وردبینیەوە چاودێری رەوشەکەمان کردووەو راشکاوانەش رامانی خۆمان سەبارەت بە بڕگەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ خستۆتەڕوو، رەخنەمان لە ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان گرتووە، پێمانوابوە کەمتەرخەمی دەکەن و وەکو کێشەیەکی لاوەکی رەفتاری دەگەڵدا دەکەن، پێشمانوابووە کە لەو سەوداو مامەڵەیەدا کەرکوک دوور دەکەوێتەوەو تەنیا پەشیمانی بۆ کورد دەمێنێتەوە، بەوهۆیەوە دژایەتیمان کراوەو وەک ناحەز رەفتارمان دەگەڵدا کراوە، بەڵام پەرۆشی ئێمە بۆ دۆزی رەوای کوردستان ساردی نەکردووینەتەوەو بەردەوام دەنگی نارەزاییمان بەرزکردۆتەوەو رەخنەشمان لەو لێدوان و قسانە گرتووە کە بۆ مزاختی رۆژانە سەرکردەکان کردوویانەو لەبەردەم کامێراکاندا بۆ هێورکردنەوەی خەڵک وتاری پڕجۆشیان داوەو وشەی ئاگراویان لەزار هاتۆتەدەری و گوتویانە رێگەنادەین یەک چرکە ماددەی ١٤٠ دوا بکەوێ!! سازش لەسەر کەرکوک ناکەین!! و ناهێڵین دۆسێی کەرکوک رەوانەی بەردەستی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێ!!

لە واری کرداریدا پێچەوانەی قسەکانیان هاتۆتەوە، خۆیان بەپەلە داوایان لە پەرلەمانی داماو کردووە تا یەکلایەنە ماوەی ماددەی ١٤٠ بۆ شەش مانگی دیکە درێژ بکاتەوە، بەمەش شایلۆغانیان گێڕاو گوتیان لەسەر داخوازی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بووەو لەبەرژەوەندی کورددایە. لیستی هاوپەیمانی کوردستان سەربەرزانە ئامادە بووە کە دۆسێی ١٤٠ رەوانەی دادگەی فیدراڵی بکرێ، کە تا ئێستاش کەس نازانێ ئەو دۆسێیە لەکوێ گیری خواردووەو کەی دەگاتە بینای دادگەی فیدراڵی و کەی دادوەرەکان دەرفەتیان دەبێ سەیری بکەن و لاپەڕەکانی هەڵبدەنەوە؟! هەروەها کاتێک باسی ئەوەکراوە کە دۆسێی کەرکوک رادەستی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێ، دیسانەوە سەرکردایەتی کوردستان دڵنیایی بە کوردستانیان داو رایگەیاند کە ئیدی لە بەرژەوەندی کورددا دێتەوە، بەڵام ئێستا کە بەندەکانی پێشنیارەکەی ستیفان دێمۆستۆرا ئاشکرابووە، ئیدی فرمێسکی تیمساحی هەڵدەڕێژن و هاواردەکەن کە پێشنیارەکە لەبەرژەوەندی کورد دانیەوە بەسوودی ئەوانی دیکە تەواو دەبێ.

ئێمە دەیان جار لەم سەکۆیەی رۆژی گەلەوە رامانگەیاندووە کە بڕگەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ یاری خاپاندنەو بەرانبەر کوردستانیان بەڕێوەدەچێ، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی ئاوا کەمتەرخەم لێی پاڵبداتەوە ئیدی دۆسێی کەرکوک رەوانەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێ و ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی عەرەب و تورکمان یەکلایی دەکەنەوە، داوامان کردووە کە کوردستانیان بە بەڵێن و سۆزەکان فریو نەخۆن و بە وشەی بریقەدارو ئاگراوی نەخاپێن، چونکە ئەگەر لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوام بین، لە ئاکامدا دەستمان لەبنی هەنبانەیەکی دڕاودا دێتە دەرێ.

بۆچوونی سیاسی و سیاسەتمەداربوون ئەوە نیە کە دوای رووداوەکان ئاکامەکان ببینی، شارەزایی و لێهاتوویی و توانامەندی ئەوەیە کە رامان و بۆچوونەکان راست دەربچن، ئەگەر پێچەوانەوە هاتنەوە دەبێ باجی بۆ بدرێ و پاشەکشەی لێبکرێ.

ئێستا کە لە خولی کۆتایی نزیک دەبینەوە، دەنگ و هاواری ئەوانە دەبیستن کە لێدوانی ئاگراویان دەدا، بەڵام ئێستا دەڵێن پێشنیارەکەی ستیفان دێمۆستۆرا لەبەرژەوەندی کورد دانیە، لەم بەستێنەدا ئێمە پێیان بڵێین: 'خەوتان خۆش' بەم شێوەیە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان دەگێڕنەوەو رێگەنادەن یەک چرکە ماددەی ١٤٠ دوا بکەوێ و سازشکردن هێڵی سوورە!

**رۆژی گەل**

# ئەو هەواڵانەی نیگەرانمان دەکەن

لەهەفتەی رابردوودا چەند هەواڵێک شەقامی کوردستانیان راچڵەکاند، هەرچەندە کە تازە روویانداوە و ناگەڕێنەوە، بەڵام کەس حەز بە دووپاتبوونەوەیان ناکات، لێرەدا ئاماژە بەم چەند هەواڵە دەکەین:

**یەکەم**: کچی شەهیدێکی ناودار لەلایەن یەکێک لەوێنەگرەکانی سەرکۆمارەوە هێرشی کراوەتەسەرو لە رێگەی جیاجیاوە بێزارکراوە، کچەکە فێرخوازی زانکۆیە، بەڵام بەناچاری پەنای بۆ دادگە بردووەو داوایکردووە کە سنوورێک بۆ ئەو پەلاماردەرە دابنرێ.

شەهید ئەو مرۆڤە پاکەیە کە گیانی خۆی پێشکەش بە گەل و نیشتمان و حزبەکەی کردووە، بەوهۆیەوە رێزگرتن لە منداڵ و بنەماڵەی شەهیدان ئەرکێکی پێویست و لەپێشینەی هەموو کەسێکە، گەرەکە بەرپرس و ئەندامانی حزبەکان لەپێش هەمووانەوە رێز لە یادەوەریەکانی شەهیدەکان بگرن، بەگوێرەی توانا خزمەت بە پاشماوی شەهیدان بکەن، نابێ کەس لەبەرانبەر خوێنی شەهیداندا ناپاک و بێوەفا بێ. هەر بەو هۆیەشەوە جێگەی نیگەرانیە کە وێنەگری سەرکۆمار هێرش بکاتە سەر کچی شەهیدێک و بێزاربکات و ژیانی لێتاڵ بکات، وەک کچەکە بە وێنەگرەکەی گوتووە: ئەو مۆنیکای لەژێر تۆدایە خوێنی باوکم و سەدان شەهیدی دیکەیە'

دەستکەوتەکانی ئێستا بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی گەلەکەمانە.. بۆئەوەی دەستکەوتەکان پارێزراوبن و گیانی شەهیدانمان ئارام و ویژدانیان ئاسودە بێ، دەبێ رێز لە بنەماڵەی شەهیدان بگیرێ تا یادگاری شەهیدەکانمان هەمیشە بەزیندوویی بمێننەوە.

**دووەم**: لەبەرئەوەی رۆژنامەوانێک بابەتێکی نووسیوەو داوای کردووە کە رۆژنامەوانان ماستاوچێتی نەکەن و راستیەکان بخەنەروو، لەلایەن بەرپرسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڕەشەی نابڕینی لێکراوە، بێکار کراوەو رەوانەی ماڵەوە کراوەتەوە.

نانبڕین و بێکارکردن لەپای نووسینێک پێچەوانەی ئەو دیموکراسی و ئازادی رادەربڕینەیە کە هەمیشە سەرکردەکانی کوردستان شانازی پێوەدەکەن و باس لە ئەزموونی کەموێنە دەکەن. ئەگەر بەرپرسی دەزگایێکی رۆشنبیری بەو شێوازە رەفتار لەگەڵ رۆژنامەوانان بکات و ئاوا وەڵامی رامانی ئازاد بداتەوە، دەبێ ژەنەراڵەکان وبەرپرسە سەربازیەکان چۆن وەڵامی رەخنەگران و رۆژنامەوانان بدەنەوە؟!!

لەلایەکی دیکەشەوە نەجات ئەحمەد پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی ئاشکری کرد کە لە تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە هەڕەشەی زمانبڕینی لێکراوە چونکە لە ریپۆرتاژێکدا باسی ئەو ساختەکاریەی کردبوو کە بەرپرسەکان لە وەرگرتنی زەوی ئاوارەکان کردوویانە.

رۆشنبیران و رۆژنامەوانان چاوەڕوانی بەفراوانکردنی پانتایی ئازادی رۆژنامەوانی و بۆچوونەکان دەکەن، لەو رێگەیەشەوە گوشارەکانی خۆیان دەکار دەکەن، لە پەرلەمان و حکومەت دەخوازن کە سنووری ئازادیەکان بەرتەسک نەکاتەوە، بەڵام کاتێک بەهۆی نووسینێکەوە رۆژنامەوانێک نانبڕاو دەکرێ و لە کار دەردەکرێ، یان هەڕەشەی زمانبڕینی لێدەکرێ، دەبێ بزانین کە گەمە بە پیرۆزیەکانی ئازادی دەکرێ، بۆ مزاختنی رۆژانە وەکو زار هەڵدەدرێ و دوایش لەژێر پێ دەنرێ.

**سێیەم**: سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە سەرۆکایەتی کوردستان نایەوێ هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە هەرسێ شارەکەی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ، ئەمە نەک جێگەی سەرسوڕمانە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ دواوەیە.

سەرکردایەتی کوردستان هەمیشە باس لە ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەکات و زۆر جارانیش باسی گواستنەوەی ئەزمونەکەیان بۆ عێراق کردووە، کەچی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ بەیەکەوە ئەنجام دران، لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژاردنێکی دیکە لە عێراق بەڕێوەچو، بەڵام بۆ پەرلەمانی کوردستان نەکرا، ئەوەتا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی سەر بە حکومەتی عێراقیش دووپات دەکرێنەوە، بەڵام دیسانەوە لە کوردستان ناکرێ، ئەمەش نیشانەی باوەڕنەبوون بە دەستاودەستکردنی دەستەڵاتە، لەوانەیە ئەوانەی لەسەر کورسی دانیشتوون، نەیانەوێ کورسیەکانیان چۆڵ بکەن.

**سەربەست کانەبی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com